ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## ناسینی کۆمپیوتەرەکەت لەگەڵ AIDa32.

نووسەر: @:

زۆر جارێک هەندێ لە بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر پاش سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی ویندۆز پێویستی بەوە دەبێت کە وەگەڕخەر-Driver بۆ بەشەکانی کۆمپیوتەرەکەی دابمەزرێنێتەوە.
هەموو بەکارهێنەرێکی کۆمپیوتەر شارەزای تەواو نیە و لەوانەیە نەتوانێ بە ئاسانی وەگەڕخەرە پێویستەکان بدۆزێتەوە.
لەم بابەتەدا پرۆگرامی AIDa32 شی دەکەمەوە، کاری ئەو پرۆگرامە ئەوەیە کە بەشێوەیەکی تەواو و بێ نموونە زانیاریەکانی کۆمپیوتەر پیشان دەدات.
دەتوانی AIDa32 لێرە دابگریت.
پرۆگرامەکە خۆڕاییە و پێویست بە دامەزراندن ناکات.
پاش داگرتنی پەڕگەی پرۆگرامەکە، Unzip ـی بکە و پاشان AIDa32.exe بکەوە.



پاش چەند چرکەیەکی کورت، زانیاریەکانی کۆمپیوتەرەکەت کۆدەکاتەوە و دەکرێتەوە.




وەک لە وێنەی سەرەوە ڕوونە، زانیاریەکانی کۆمپیوتەر بەسەر بەشەکانیدا دەبەش کراون و بۆ بینینی زانیاریەکان، دەتوانی کرتە بکەیتە سەر بەشی ویستراو.




3>بۆ نموونە گەر کرتە بکەیتە سەر Summary زانیاریە سەرەکی و گشتیەکانی کۆمپیوتەرەکەت دەردەکەوێت کە ئەویش لەخۆیدا بە پێی ژێر بەشەکان دابەش کراوە.
4>زانیاریەکانی کۆمپیوتەر و ویندۆز بە گشتیی.
5>زانیاریەکانی کارتی دایک.
6>زانیاریەکانی کارتی ڕەنگ و مۆنیتۆر.
7>بەڵام بۆ ئەوەی پێکەوە و بە شێوەیەکی گشتیی تر زانیاریەکانت پیشان بدات و توانای پاشەکەوت کردنی ئەو زانیاریانەت هەبێت، کرتە بکە سەر دووگمەی Report Wizard.




All Pages هەڵبژێرە و پاشان Next کرتە بکە.




هەروەها هەڵبژێرە کە زانیاریەکان بە بە چ فۆرماتێک پاشەکەوت بکرێت.
پاشان Finish کرتە بکە.
چەند چرکەیەک چاوەڕانبە بۆ تەواوبوونی هەنگاوی کۆکردنەوەی زانیاریەکان.




پاش تەواوبوونی کۆکردنەوەی زانیاریەکان، پەنجەرەی ڕاپۆرتی پرۆگرامەکە زانیاریەکی زۆر لە خۆی دەگرێت و وەک وێنەی خوارەوە دەبێت.




12> ناردنی ئەو زانیاریانە وەک پەیامێکی ئەلەکترۆنی.
13> پاشەکەوتکردنی زانیاریەکان.
14> پێشبینین بۆ چاپکردن.
15> چاپکردن.
16> داخستن.

بەو شێوەیە دەتوانی بچووکترین زانیاری سەبارەت بە کۆمپیوتەرەکەی خۆت بزانیت و لەکاتی گەڕان بۆ وەگەڕخەری کۆمپیوتەرەکەت سوودیان لێ ببینیت.

کۆتایی.

Oct 2005 13

The Gordon Hand Clinic
Renowned - Experienced - Innovative Hand Microsurgeon Leonard Gordon

Chin Bar
Your One-Stop Body Jewellery Shop. 100% Safe Shopping. Buy Online Now!

Ads by Google